www.kurdistannet.org
24/06/2002 01:13

# من ، تۆ، ئێمە (فاوست) یٚکی بیٚگەردین

حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ // هۆڵەند

* ڕۆژی سەدان فیشەکت پیٚوە ئەنیٚم و نامریت
چەند بەزەییم پیاتا دیٚتەوە
من بە هەڵپە و، تۆ شەهوانیی و، ئیٚمە خۆپەرستین. . . . . . .
لە گایەکی سەرخۆش ئەچین. . !!!!
من وەك پیرەژنیٚکی کویٚر، تەنیا و تەنیا. . . .
تۆ لە کیژۆڵەیەکی کور ئەچی, پەشیٚو و پەشۆکاویت
ئیٚمە وا لە نیٚو سەیرانگای قەفەزیٚکی ئاڵتوونیدا هیوا خنکاوین
من بم یا تۆ, هەرووەك یەکە :
بیٚ سرەوت و کۆڵنەدەرین، وەك کەللەیەکی پەڕیو لە جەستە. !
دڕندەم ، دڕندویت، دڕندەین،
مین– یٚکی وهەر ڕۆژەی مناڵیٚکی لای گەرمیان هە نجن هە نجن
ئەکەیت. . . !
ویٚڵ و وونیت ؛ بۆیە لە ووشەیەکی بیٚ سەر و بۆر ئەچیت !!
ساویلکەیی (ئەنکیدۆ) و نسکۆکەی (گەلگامش) ملوانکەیەکی
پیرۆزەییەو بە گەردنما هەڵکەنراوە. . . . !!
تۆش، سووتاوی دەم تەنووری زیٚدیٚکی بەستەلاٚنیت. . !!
ئیٚمە ئازادین، باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی نیٚو قەفەزیٚکین و
هەردەم لە بەرهەیوانی خودانی بەهەشتیٚکی بزرا
هەڵواسراوین!!! ئای ! کە بەزەییم پیاتا دیٚتەوە. . بەزەییم بە
خوما دیٚتەوە. . . . . . . . چونکیٚ تۆش لە خۆم ئەچی. . . منیش لە تۆ
و. . هەموو لەیەکدەچین ئیٚمە کوڕی سروشتیٚکی نەزۆکین. .
تۆ (فاوست) ی ولە ئامیٚزی ئەهریمەنەوە کەوتوویتە خواریٚ. . . .
تۆ وەچەی (فاوست) و ئەهریمەنیت. . . . . .
بیٚگەردتر نیت. . خاویٚنتر نیت لە گیانداریٚ. . . . !!!!!!

*1995-09-23*

*ئیسبانیا*